# پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـا )

## سەرهەنگ خـامـۆش

**زنجیرە کتێبی نواڵەی نوێ**

**ژمارە ( 87 ) ساڵی 2008**

| | |
|---|---|
| خاوەنی ئیمتیاز | سەرنووسەر |
| **هۆشیار نوری لەك** | **ئاری ئاغۆك** |
| **4625169** | **7457776** |

کتێب : پیاسەیەک لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـا )

نووسەر : سەرهەنگ خامۆش

مۆتیڤـو تایپـو دیزاینی ناوەرۆکـو بەرگ : کامەران وەلی مەحمود

چاپی یەکەم – هەولێر – ٢٠٠٨

تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە

لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی ( ١٥٣١ ) ساڵی ( ٢٠٠٨ )ی دراوەتێ

**بەهاوکاری سەنتەری رۆشنبیری بەهرە**

**بەچاپ گەیاندراوە**

## سوپاسو پێزانین

پڕ بە دڵ سوپاسو پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێز (کامەران وەلی مەحمود) لە وەزارەتی پەروەردە دەکەم کە ئەرکی تایپو دیزاینی ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیەو ڕێکخستنی مۆتیڤەکانی گرتە ئەستۆو دیزاینی بەرگەکەشی ئەنجامداو بەم شێوە ڕێكو پێكو خنجیلانەیە خستیە بەر دیدی خوێنەران..

سەرهەنگ خامۆش



لەبەردەم گڵپەی بزەیەکەوە
برژانگی پێلوی خەمەکانم دەسوتێن
سیمایان ڕەش هەڵدەگەڕێن
ڕۆحم دەبێتە ژیلەمۆ
چاوەکانیشم
نوری تەنیاییان لێ دەبارێ
هەگبەی سەفەرم
پڕە لە خەرمانەی عەشق
پڕیشە لە سۆزی ئازارەکانی دوریت



پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــــا )

نینۆکەکانـم
چرنوك لە ئاوێنە شکاوەکانی تەمەنم دەگرن
پەنجەکانیشم
ماڵئاوایی لەتەلیسمی تابلۆ تەڵخەکان دەکەن
کە سەفەریش
بەزەردترین تولە ڕێگا تێدەپەڕێ
خەزان دەرگای والآ دەبێ
خاکیش کۆڵێ فرمێسکی ئاڵتونی
لەباوەش دەگرێ
دەزانی ئێمە لە ڕووخساری پاکی ئەوین
بێ دەنگیمان خوێندەوە
تا ئێستا
لە یەقینترین جورئەتی شەو نەگەیشتوین
شەو نزای بۆ ئازارەکانمان ڕاخست
بۆ ئەوەی جەستەمان
بە ئەفسونی ئەم عەشقە گەرم بکەینەوە
بەڵام ئەفسوس
ئەوسات ژوان یاخی بوو لێمان
ئاسمان باوەشی تەژی بوو لە تەم
هەورە گرینۆکەکانیش
لێویان بۆ دەمی با کردبۆوە..
وا خەریکە زەمەن

تاڵە قژە سپیەکانی تەمەنم
بە ئەزەل دەسپێرێ
گەنجێتیشم لەباوەشی پیری دا
دادەچۆڕێ..
کەچی تۆش تائێستا
خەون بەمیزەڵانێکی
نێو یاریگای منداڵیەوە دەبینی
زمانی شیعرم گۆڕاوە
وا خەریکە
لە ئاسمانی نیگەرانی دەپاڕێمەوە
ئەزەل پەنجەی
لەسەر دوا پیتی وشەی
چارەنوسی ئەوین داناوە
کاتێ وشەیەکیش
چۆک بەشاعیرێك دادێنێ
عەشق دەمرێ
شیعریش هەر لەخۆیەوە نەمر دەبێ
ناچار دەبم
بەناسکترین هەڵوێست بۆت بدوێم
بۆ ئەوەی هەرنا
وەنەوزەکانی ژێر سێبەری عەشق
باوەش بۆ نزاکانمان بکەنەوە





لە ( ئاو ) دەپاڕێمەوە
سەرێ لە بەندەری دوریت بدا
بۆئەوەی پەیامی قوڵترین هەناسەم
بەژێر تونێلەکانی جوانیت تێ پەڕێ
تۆش لەسەر سەکۆی چاوەڕوانی
هەراسان مەبە
بەرلەمەغریب دەگەڕێمەوە لات
بەڵام زۆر دەترسم ئەمجارەیان
زەمەن دەرگای هاتنەوەم لێ دابخا
سەفەر بەرەو
مەملەکەتی فەنابوونـم ببـا ... !!!

## (( تكای فرمێسك .. لە باران ))



باران .. بباریٚ
من لە ترپەی دەنگی تۆوە فێربووم
گۆرانی بۆ عەشق بڵێم
لە شەپۆڵە شێتەكانت فێربووم
چۆن پەلاماری
كەناری دەریای ترس و گومان بدەم
من و تۆ بەیەكەوە دەبارینە نێو
كێڵگە تینوەكانی ئەوین
بەڵام تۆ هەندیٚ جار



پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــا )

جێم دەهێڵی
هەور لەسۆمای چاوەكانم
دەتۆرێنی...

* * *

باران..بباریٚ
لەگەڵ ڕۆندكە بیٚ نازەكانی من
بەم ئێوارەیە ناوەختە
تەنها دوو دلۆپ..دوو پێكی حەز
دوو وشەی پڕ حەسرەت جیٚ مەهێڵە
تۆ لەگەڵ پەیامەكانت
بەرەو دەروازەیەكی پڕلەغوربەت
هەنگاو دەنێی
كەچی فرمێسكە پڕ حەسرەتەكان
هەر لەدەڤەری گۆنای زەردم
دەمێننەوە..

* * *

باران..بباریٚ
تەنها دوو تنۆك
لە پێڵوی چاوەكانم
لە سۆمای بیٚ جورئەتم
بكە دیاری...
من لەزەمەنێك یاخی بوومە

لەدوو وشەی نێو دێرێکی چامەیەکم
منداڵیم دێنێتەوە یاد
کەلەبەردەم مامۆستاکەم
بەترسەوە..پیتەکانی وانەیەکم
بۆلێك نەدرا . . ! !

* * *

باران .. دەستم دامێنت
حەریفم بە .. بەلێزمە ببارێ
من دەزانم
سەفەری ئەمجارەی تۆ
بۆ دەڤەری بیابانی عەشقە
بۆیە ترپە بەسۆزەکانی تۆ
لە ترپەی دڵی من دەچن
دڵۆپە بەرێژنەکانی تۆ
لەدڵۆپی چاوانی
بێ ئۆقرەی من دەچن ..

* * *

کچی باران .. دەزانم تۆش
چاوەڕێی ئەم دوو دڵۆپە
شەرمنە دەکەیت
ئەم دوو ووشە یاخی بووەی
بەبارانم سپاردووە





کە پیتەکانی لەزمانم تۆراون
لە ئەفسونەکانی عەشقت ترساون
کە پێت بلێن
خ ۆ ش م   د ە و ێ ی

## (( وانەی سوتـان ))

**( پێش کەشە بەمامۆستای وانەی سوتان )**

پەیڤەکانت
لە ئاسمانی دڵێکی خامۆش دا
کەوتنە گومان
بوون بە هەورو
لەگەڵ چاوی پێنوسم دا
بوون بەباران
لەژێر لێزمەی پیتەکانی وانەیەکدا
باڵندەکانی عەشق



سەفەرێکیان بۆم چنیەوە
لەگەڵ شەپۆڵی ڕازەکان
ڕژانە نێو تاڤگەی چاوت
وانەی سوتانیان نوسیەوە ..
لێم ببوورە
من لە سۆزی خۆزگەکانت نەگەیشتووم
تا ئەو ساتەی
فێری پێناسەی عەشق بووم ...
دەزانی من لە وەڵامی پرسیارەکان
بەهەڵە چووم
تاکو ئێستا لە سەفەری پەیڤەکانت
حاڵی نەبووم ...
چۆن نەتپرسی باڵندەکانی عەشق
لەتاو چیدا دەخولێنەوە ؟
لەکام دەڤەردا هەڵفڕین
لەکام هەواریش نیشتنەوە ..
دەزانی بۆ؟
چاوەکانت ئۆقرە ناگرن
وانەی عەشق دەڵێنەوە . . . ! !





## (( پایز ئەمشەو دۆستی منە !! ))



پایز ئەمشەو ژنێکی شەرمنە
بزەی نەرمی
ئاوێزانی ڕووخساری زەردم کردووە
ڕەنگە هێشتا
لە مەرامەکانی ئەوینی من نەگەیشتبێ
بە ترسەوە
جلەکانی دادەکەنێ ...
هەر دوێنێ بوو
دەسگیرانی (شاعیرێك)(*) بوو

کەچی ئەمشەو

ئەلقەی زەردی خەزانم

لە پەنجە سیسەکانی کردووە

وا خەریکە

مارەیی لەمن دەبڕێ ...

پایز ڕووتە .. من لەو ڕووتتر

ئەو ڕەنگ زەردو .. من لەو زەردتر

من پایزم .. پایزیش من

پایز ئەمشەو دۆستی منە

بۆسبەی شەو

لەباوەشی یەکێکی تر

قژی زەردی شانە دەکا

منیش جەستەم

لەنێو خشپەی گەڵاکاندا

مۆمیا دەبێ و

مارەیی پایز دەژمێرم ..

سور دەزانم بۆ بەیانی

منی ڕەنگ زەرد جێ دەهێڵێ

سینەی بۆ ( با ) والاّ دەکا

لێوی سەوزی تەڕی بارانیش

ماچ دەکا ..

پایز ئەمشەو دۆستی منە ... ! !





(*) مەبەستم ( قوبادی جەلی زادە ) یە .

## (( خوزگەی پایزە شەوی شاعیرێك ))



شیعر دەرگای لێ داخستم

عەشق کلیلی خۆزگەی

لێ وون کردم

ئاسمان بەدوای

ئەستێرەکانی خۆیدا دەگەڕا

شەقام شەرمی

لە ترپەی هەنگاوەکانم دەکرد

خشپەی گەڵا وەریوەکان

سیمفۆنیان بۆ خاك دەژەنی

پایز نیشتیمانی ئەم ساتەم بوو

هەوری تەمەن
لە گەڵ ئەفسونی چاوەکانم
هەنگاویان بۆ بیابانە وشکەکانی
سەراب دەبرد
من بەزەییم بە پرچی
درەختەکان دەهاتەوە
دوای زەردبونیان
زەوی نازی هەڵدەگرتن
تەنیایی باڵی بەسەر
شاری خەمم داپۆشیبو
باڵندەکان بە دوای
دەسگیرانەکانیان دەگەران
هێلانەکانیان جێ دەهێشت
بۆ دەڤەری عەشق کۆچیان دەکرد
خۆر ماڵئاوایی لە کازیوە دەکرد
شەویش لە دەرگای
ژوانی دڵدارەکانی دەدا
بێجگە لە شێتەکانی سەرشەقام
کەس یاوەری هەستم نەبوو
جگە لە تەقەی تەنەکەی
زبڵدانی پێش دەرگای ماڵەکان
هیچی تر نەدەبووە
ئاوازی گوێچکەی هەستم





شار لە من تەنیاتر بوو
ورشەی بێ بەزەیی ( با ) ش
سەری لە من شێواندبوو
شیعر دەرگای لێ داخستبوم
عەشق کلیلی خۆزگەی
لێ وون کردبووم
سۆزیش خەوی لە چاوانم تۆراندبوو
لەم شەوەدا
کەس لەمن بێ یارتر نەبوو
کەسیش لە من خەیاڵتر نەبوو
منی تەنیا
تا دەهات نغرۆی
شەوێکی پڕ خۆزگە دەبووم
لەگەڵ جەستە ڕوتەکانی پایز
ورشە شێتەکانی ( با )
جێ هەواری مناڵە جگەرەفرۆش و
بۆیەچیە بێ نازەکانی شارەکەم
لەگەڵ منارەیەکی لارو
پەیامێکی لوتکەی قەڵا
چاوم لێ بوو کۆڵانەکانی قەیسەری
لە تاریکی بێزار دەبوون
شێخەڵڵاش هێشتا پشووی نەدابوو
منیش هێدی ... هێدی

هەنگاوی کوێرانەم دەبڕی
تەنیاییم دەخیلی شێخی چۆلی کرد
سەرم هەلگرت . . .
ئاخۆ کێ لە من شێتترە
بەم شەوە ناوەختە
خەو لە چاوانی بتۆرێنێ ..
لە تخوبی شارا دەرچووم
بینیم هەولێر
کراسێکی زەردی لە بەربوو
ئا سمان گریانی بۆدەهات
سەرم بۆ سەفین هەڵبڕی
سەری بە تاریکیەوە نابوو
شادەمارەکانم خوێنی تیا نەما
دڵم بۆی بوو بە چرایەك
وەلێ قەرەچوغ لە من دیار نەبوو
حەیرانێکی بۆ بچڕم
کەوەکانیش قاسپەیان بێ ..
شیعر دەرگای لێ داخستبووم
عەشق کلیلی خۆزگەی
لێ وون کردبووم
دڵم بوو بە قیبلە نامەیەك
تاریکی هەنگاوەکانی دەهۆنیمەوە





لە قەراغی تولە ڕێگای هات و نەهات
گوێم لێ بوو
چۆلەکەکان بە یەکتریان دەگوت
شاعیرێکی ڕەنگ زەرد
وا بە ڕێوەیە
لە گەنجینەی سولەیمان دەگەڕێ
بۆ یارەکەی
لە تیشکی چاوەکانی خۆر دەگەڕێ
بۆ شارەکەی . . . ! !

## (( خۆزگـــە خنکاوەکانی کەرکوك ))



هەر جارەی ڕەنگێکت پۆشیوە
هەرساتەو خەمێکت نۆشیوە
بەکام نازناو
لەم دەڤەرە ترسناکە بتناسمەوە
لەنێو سۆزی
کام کۆپلە شیعردا بتدۆزمەوە
ئەی تامەزرۆی
شەپۆلەکانی خۆرو
ڕێژنە بارانی ئارەزوو

ئەی چاوەڕێی گومانەکانی حەزو
چەمکێ بازوو ...
ئاوێتەم بە ... چ نازێکە
عیشوەی دوری و بێ ئارامیت
چ خەونێکە
بۆ باوەشت نایەتەدی
لە بێ ئارامی و سەرسامیت
ئەی ناسکتر لە پەڕەی گوڵ و
مەلولتر لە گەڵاکانی خەزان
خەمـخۆری دڵی عاشق و
چقڵی چاوی ناحەزان
ئاوێتەم بە
دەستێکت بنێ سەردڵم
دەستەکەی ترت ژێرسەرم
بادیسان ئاوارەیی خۆم
بە شاخ و کێو دەشت نەسپێرم
پەیامێك بۆ خاك بنێرم ...
ئەوەی هات و هەروەك گورگ
چرنوکێکی لە هەوکت نا
ئەوەی هات و هەرەسێکی
لە دۆسیەی تەمەنی تۆ دانا ...
ئەوەی بە لێنی پێت دابوو





بتکابە بووك ... کرنۆشی بۆ جوانیت دەبرد
لە شەوی بەزاوابوونی دا
تیرۆریان کرد ...
ئەوانەی تۆیان کرد بە ( ق .... )
ئەوانەی پێیان دەگوتی ( د ... )
واخەریکن فرمێسکی جودابیت بۆ هەڵڕێژن
لە نێو کۆمەڵێ
خۆزگەی خنکاودا بتنێژن ... !

## (( کۆژانەکانی سەفەر ))



دەڕۆن ئەوانەی
لەگەڵ شەپۆلی چاوەکانی خۆر ئاشنان
دەڕۆن ... ناگەڕێنەوە
چیدی گوڵ لە ئامێزی بەهاردا ناڕوێنن
لە باوەشی خەزانیشدا گەڵاکان ناکەن بە ملوانکە
بۆ گەردنی بیرەوەریەکان
دەڕۆن ... تەنیا ڕۆندك
لەسەر گۆنای زەردمان جێدێڵن
عەشق دەکەن بە خەیاڵ ... خەیاڵیش سەراب
دەڕۆن ... گەڕانەوە دەبێتە تونێلێکی پڕ لە گومان

ڕێگاکانیش لەسەر نەخشەی چاوەڕوانی دەسڕێنەوە ..
ئیدی چما ژیان
لەم سەردەمە پڕ نەگریسە
خۆزگەکان خۆیان لە باوەشی تراژیدیادا
حەشار دەدەن
یادگاریەکانیش دەبن بە ئەشکەنجەو کۆژان
دەزانم تۆش
سەفەر بەرەو مەملەکەتی فەنای بردی
ئیدی چیتر بەزەیی
کولـمی ئازارەکانت ماچ ناکا
ئەوانیش ئازادی دەخەنە نێو تابوتی مەرگەوە
جارێ کەشیلەکەی ( هارون ) لەسەر دەکەن
جارێکیش شمشێرەکەی ( مەهدی )
لە کالآنی ڕق دەردێنن ...
ئەوان داستانەکەی ( برایم) یان بیر چۆتەوە
مەزهەبیان کردۆتە ڕێبەر
چاویان بە تریفەی جوانی ( یوسف ) هەڵناییێ . .
دەمزانی تۆش سەفەر دەکەی
بۆ دەڤەری فرمێسكو ژان
بۆ لای ئەوان
ئەوان بەندەی جەهالەتن
ئەوان خەونن ... ئەوان درۆن ...





بڕۆ خوا یاوەرت بێ
بەخت هاوەڵی ڕۆحت بێ
هاوڕێ ێ ێ ێ ...

## (( کاتێ سەفەر لە دەرگای بێ دەنگیم دەدا ))

کاتێ سەفەر
لە دەرگای بێ دەنگیم دەدا
زەمەن باوەشی لە هەگبەی تەمەن دەگرێ
بۆ وڵاتی زەرد پۆشەکانی دەبا . .

زۆر درەنگە
بۆ تاکە چرپەیکی ماچی هەتاو
بۆ سەر کولـمی پەرژینەکانی خاك
ئەزەل تراویلکەیەکی پڕ تامەزرۆیە
بۆ جەژنانەیەك
لەگەڵ زارۆکە چاو گەشەکانی
ژێر ترافیکلایتەکانی شارەکەم

کێ دەڵێ ئەوانە
لە کاروانی زەماوەندەکانی گوناھ
جێ نەماون . . ! !
کەچی من ھەگبەی سەفەرم بەتاڵە
لە ژێر تونێلی وەنەوزەکانی ئەوین
چاوەڕوانی ئەوەم
چاو لە چۆلەکەیەکی
سەردالتێلەکانی شەقام دابگرم . .
نا . . من ھەرگیز باوەڕناکەم
گوڵ لە چاوەکانی وشکی خەزان بڕوێ
کەچی بەھار زەمانێکە
لە بەر دەرگای پایز کەوتووە
ماچی سەوزی لێوی پەپوولەکانیش
دەڕژێنە نێو
ئامێزی سووری گوڵەکان . .
پێ دەچێ ئەم سپێدەیە
گزنگ دەستی شەماڵ نەگرێ
بۆ نێو باوەشی تەڵخی ئاسمانی ببا
لە چاوانی ھەوریش ماوەیەکە
فرمێسك خۆی قەتیس داوە . .
من دەمێکە چاوەڕوانی
پەنجە نەرمەکانی سەحەرم





بۆ ئەوەی قردێلەی پرچی شیعرێکم
لێ واڵا بکا
لەسەر مێزی خەیاڵی سپێدەیەکی ماتدا
پێکی ئەوین لە چاوەکانی خۆر بخۆمەوە . .
ئاخر من دەسگیرانی
کەوەکانی بناری قەرەچوغ بووم
کوڕە خوێن گەرمەکەی
ئەودیوی ئازارەکانی سەفەر بووم
ئێستاش بە دیار کەلاوە ڕووخاوەکەم
دۆش داماوم
وا خەریکە ھەنسکێکی پڕ لە حەسرەت
دەبێتە میوانی شەوە تاریکەکانی ژوان
بۆ باوەشی نیشتیمان و
نازدار حەیرانەکەی خۆم دەگریم . . ! !

## (( تارمایی یەکانی قەدەر ))



ئێوارەیەك بەر لە هاتنی
تارماییە هێمنەکانی شەو
پێش ئەوەی خۆر
لە تخوبی شار ئاوابێ
خۆم بە باڵی
باڵندەیەکی کۆچەر هەڵدەواسم
لە ژێر هەورە یاخی بووەکان دا
دەبمە پەیامێکی پڕ لە حەسرەت
بە لێوی قڵیشاوی خاك پێدەکەنم
لەگەڵ سیمفۆنیای باران سەما دەکەم
سەفەرێك بۆ ئەو دیوی
سەرابە تاڵەکانی غوربەت دەکەم





دەڕۆم پێش ئەوەی
سەردولکەی مەرگی پایز
پرچی حەزەکانم بهۆنێتەوە
هەگبەی سەوزم
لە بەر دەرگای زەردی خەزان هەڵدەڕێژم ...
پەنجەکانم لە تەنیایی دەتۆرێن
لەگەڵ نۆتەکانی
پرچی تاری کازیوەدا
بەدیار نامۆ بوونی شیعرێکمەوە
ئاوازی عەشق دەژەنن . .
بەر لەوەی خەرمانەی وشەکانم گڕ بگرن
لە ئاوێنە شکاوەکانی تەمەنم
لە تارمایی پیریم ڕادەمێنم
لەکەناری مەستی گەنجیم
وەنەوزێ دەدەم
دەچمەوە نێو
ئەلبومی یادگاریەکانی منداڵیم
کۆلارەی خۆشی
لە ئاسمانی خەم هەڵدەدەم
دەگەڕێمەوە نێو سۆزی باوەشی دایکم
گوێم بۆ لایلایە شیرینەکانی ڕادەگرم
تا ئەو ساتەی خۆزگەکانم

لە نێو جۆلانەی قەدەری شەو
چاو لێك دەنێن . . .

## (( حیکمەتەکانی چاوی تۆ.. ))



سەراب لەژێر
هەورێکی ڕەش دا
بە نێو هەناسە قوڵەکانی
یادەکانی ئەوین تێدەپەڕێ
کرێوەی خۆڵەمێشی قەدەر
دەروازەی خەمێکی ئاڵۆزە
کێڵگە وشکەکانی
خەرمانەی حەزێکی سەرشێت
ئاو دەدەن ...
من هێشتا لە ئەفسونی
چاوەکانی تۆ نەگەیشتوم
بیرەوەری وڵاتیکی وێرانی تیایە





خۆم لە نێو گێژاوی سیحری دا
وون دەکەم
دەست و قاچی ئەوینم دەبەسترێ
لە نێو ئەم بەندە پڕ ژانە
مەلی هەستم خولیای فڕینە
بۆ نیێو دارستانی بەفرو خوێن...
کە چی هێشتا من لە تاریکی
سۆمای چاوی پڕ گومانت
نەگەیشتووم
لە تروکانی ساتە بێ وادەکانی
برژانگەکانت ...
لە حەرفە تینوەکانی
نێوپێلوی چاوەڕوانیت
لە هاوارێکی تاساوی
نێو باوەشی خەندەی دیدارت ...
لەژێر تارمایی برژانگەکانی تۆدا
زمان پێناسەی خەونێکی دێرینە
بەڵام سەرابی عەشقی تۆ
ڕێبواریکی ژێر سێبەری هەورێکی ڕەشە
چاوەکانی تۆش هەر تاریکن
کە چی هەردوو گلێنەی چاوی تۆ
چرای ئەم دەڤەرە تاریکەن

کە من هیچی تیا نابینم ...!

## (( چاوەکانم بۆ تۆ دەدوێن ))

( بۆ شالاو )



بروسکەی چ هەورێکی
ڕەش بوو
ماڵی شیعری وا هەژاندم
زەنگی چ هەواڵێکی
تاساو بوو
لە هەندەران
لە دەرگای دڵی
خامۆشی دا
ڕێچکۆلەی چ ئەشکێکە
دەڕژێتە نێو
ڕووبارێکی بێ سەرو شوێن





شەپۆلەکانی مەست دەبن
بەرەو نامۆ..
حەیف برا
نەك چاوێکم
ها . . هەردوو چاو
بۆ ئەفسونی
چاوەکانی تۆ
کە دەیڕوانیە
شەپۆلی چاوە شینەکان و
ناخی دەریا
ئاخۆ کامیان
شینتر بوون لە کامیان ..؟
نا . . هاوڕێ . . نا
تا هەگبەت پڕ لە شیعر بێ
چاوت نامرێ . . دڵت نامرێ
تا جوانی لە دنیا مابێ
شیعریشت هەر نەمر دەبێ . . !

* * *

کە هاتیەوە
تۆ کۆڵێ خەفەتت
بە کۆڵ دادابوو
هەگبەیەك کۆپلە وشەی

بێ نازت پێ بوو
لە گۆشەی هیوایەك دەگەڕای
بۆ چنینی ئەفسونێکی
پڕ تامەزرۆ
بەڵام کەڕۆیشتی
تۆ کۆمەڵێ خەفەتت
دروێنە کرد
داخەکەم ..
بارانێك نەبوو
کێڵگەی ئەوینی تۆ ئاو بدا
کانیەك نەبوو
نەمامی چاوەکانی تۆ بڕوێنێ
ئەفسونێك نەبوو
خۆی لە برژانگەکانی
تۆ بئالێنێ ..
چرایەك نەبوو
بە سۆمای چاوەکانی
تۆ پێکەنێ ..
بەڵام هاوڕێ
من دڵنیام
کۆمەڵێ حەز
لە غەریبی





چاویان بۆ
هیوایەکی پڕشەنگدار
کردۆتەوە ...!

## (( بۆ فرمێسکی چاوی کانی ))

**( بە کانی هەڵەبجەیی پێشکەشە )**



کە تۆم بینی
لە ژێر سێبەری برژانگەکانی هەور
لە گەڵ باران پەیمانتان بە یەکتری دەدا
ژوانتان بۆ بەیانی جەژن دەبەست
لە ئاسمانی شەوێکی نامۆدا
لە گەڵ بەفر
سەمای خۆشەویستیتان دەکرد
ڕەنگت لە ڕەنگی ئەو دەچوو
بەڵام کاتێ هەتاو پرچی شانە کردی
بوی بە کانی عاشقان و وشك نەبووی
تۆ گوڵێکی سووری نێوباوەشی کرێوە بویت
بە سەر دەشتی خامۆشم دا باریت...

لە شەوی عارفەی فالانتاین

بە بێ ڕووخسەت لە حزوری ئەستێرەکان

عاشقانە لێم هەڵاتی ..

چی تۆی گەیاندە

ژێر هەورە یاخی بووەکانی هەندەران

لە شەپۆڵی کام دەریا زویر بویت

کێ تۆی لە نیشتیمانی دڵت کرد

لە کام ئۆقیانوسی ئەوین

هەور تۆی هێنایەوە ئێرە

تۆ کانیەکی قەدپاڵی

چیاکانی کوێستانی ئێرە بووی

چی تۆی گەیاندە ئەم بەستەڵەکە نامۆیەی ئەوێ

من دوای ئەوە لە ڕووبارم پرسی

لە کوێ لەگەڵ فرمێسکی چاوی کانی

بەیەکتر ئاشنا بوون

ڕژانە نێو دەشت و دۆڵی نیشتیمانم . . . ؟ ! !





## (( بەشەیدایی من پێت دەڵێم ))

( بە ئیدریس شەیداهۆ پێشکەشە )



بە هێمنی .. بەبێ چرپە

دەخزێمە ژێر پەردەی هەستی ناسکت

نەوەکو زامی یادگاریەکانمان بکولێتەوە

بە شەیدایی .. بە ئاسپایی من پێت دەڵێم :

وەك نوزەی منالێکی نێو بێشکەی جێماو

ئاخۆ گێژەلوکەی زەمەن

بەرەو کام هەڵدێر دەمانبا ..

خۆشی یەخەی گەنجی بەرداین

خەم بەرۆکی پیری گرتین

زستان ئەشکی بۆ باراندین

بەهار لە سینەی بێ ستیانی کچێکی قەرەج دەچێ

هاوین فرمێسکی مندالی وشك کردین

پایز لەمن ڕەنگ زەردترە

شیوەن بۆ گەڵا وەریوەکان دەگێڕێ ..

* * *

برا..گوناه بێ بەری بوو
لەوانەی ئەوان کردیان
جگە لەوەی لەپشت بەردە زلەکانەوە
وانەی خۆشاردنەوە فێربوون
بوکی ئازادیشیان لەئێمە شاردەوە
جگە لەدرۆی نێومانشێتە سەربڕاوەکانیان
هاتن نەمامی خۆکوژیان چاند
دەست و پەنجەی ناسکی کچانی ئەم دەڤەرەشیان
لەجیاتی خەنەی شەومراز لەخوێن سوور کرد . .

* * *

ئەوان کە گەڕانەوە نێو باوەشی شار
باوەڕیان لەژێر گاشەبەردە گەورەکان جێ هێشت
بوو بەکراسی مارو لەکەناری کانیاوەکان جێما
ئەم زەنگیانەی
لەنێو هەگبە دزراوەکان ڕیزیان کردبوو
زەمانێکە .. من لەگەردنی دڵدارەکەی خۆم ئالاندووە
وا خەریکە یەکە یەکە دەوەرن
جارێکی تر لەژێر تارای ئەوین
لەشەوانی پڕ خۆزگەدا
بۆکچێکی تری دەهۆنمەوە..

* * *





من نازانم
نازی کۆپڵە جوانەکانت چۆن هەڵگرم
زامەکانت بەکام پەڕەی گوڵ سارێژکەم
تابیکەمە سەرقافڵەی قەسیدەکانم . . !

## (( ستایشەکانی دووری ))

**( بۆ.. کـ . هـ . )**



لە دوورەوە
من تامەزرۆی چرۆی ڕۆحی شیرینت بووم
هەراسانی نۆتەکانی ئاوازی سۆزی دەنگت بووم
هەور نەبووم
لەگەڵ شەماڵ بەرەو نامۆ گوزەر بکەم
وەکو باران ببارێمە
کێڵگەی تینووی چاوەڕوانیت ...
هەتاو نەبووم
بەستەڵەکی ئەم وڵاتە بتوێنمەوە
بە چوار دەوری ڕەنگی زەردت بخولێمەوە
بە ناچاری هەر وەکو تەم
خزامە نێو چوارچێوەی وێنەکەت

هەر بۆ ئەوەی ئاوێتەت بم ...

هەرچەندم کرد

زمان پەی بە وشەیەك نەبرد

سیمای جوانت جولەی نەکرد

بەڵام من شەپۆلی جوانیتم خوێندەوە

بە چاو تاڵ .. تاڵ

قژی زەردی تۆم هۆنیەوە

بە هەناسەش

چی ئەفسوونی جوانی هەبوو هەڵمژی

هەرچەندم کرد

تەنها تاڵە قژێکی خاوم شك برد

ڕازەکانم وەك مێرووله پێی هەڵگەڕان

بەبێ چرپە .. لەژێر پەردەی هەستی ناسکت

پێم وتی خۆشم دەوێی ... !

تا دەهات نقوومی تریفەی جوانیت دەبووم

نیگای هەر چاوێکت

ئاسمانێکی پڕ ئەوینی بۆمن ساز کرد

بزەی لێوت لەوە دەچوو

گوڵاڵە بێ تازە خونچەی دەرکردبێ

چاوم لێ بوو

هەر پێنج پەنجەی ناسکی ژێر سەرت

وەکو بلوێر



پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــا )

ئاوازی تەنهایـیان دەژەنی

ئەوەندە لێت ورد بوومەوە

هیچ ڕێگایەکم شك نەبرد

تەنها ملوانکەکەی ملت نەبێ

حەزەکانمی پێ هەڵواسم

بە پەرۆشەوە پێت بڵێم

گەلێ ماندووم

هاتووم .. ڕێگای ئەوەم پێ بدە

تاوێ لە ژێر ڕەشماڵی پرچت بسێمەوە ..

هەرنا بۆنی نیشتیمانی خۆتم لێ دێ .. !

## (( لێواو لێو... ماچ ))



پێڵوەکانت
ئاوێتەی یەکترین
دڵم نایێ وەئاگایان بێنم
نەوەکو لاشەی خەمەکانم
لە گۆڕستانی چاوەکانی تۆ بنێژم

* * *

حەزم دەکرد
بەبێ دەنگی ماچێکت کەم
کام قەتارەش
شیرینترە لە لایلایەکانی دایکم
لەنێو بێشکەی ئەم نیوە شەوەدا
بۆ ئەستێرەکانی ئاسمانی بهۆنمەوە
لەچاوەکانی سەحەریش





لەزەتی شەرابێك بنۆشم
گوێم بۆ چرپە هێمنەکانی شەو شل کەم
تا لەباوەشی بێدەنگترین ماچ
دەخەوم...

چ سەرمەستیەکە بەم نیوە شەوە
پێکی حەزەکان
بەرۆکی خەمم بەر نادەن
چ زامێکە
شیعر لەتاو ئازارەکانی دەناڵێنێ
دارەکان گەڵاکانیان
بە هەنگاوە بێ بەزەیی یەکانی ( با ) دەسپێرن
ئاسمانیش هەور
بۆ باران دەکاتە دیاری
بارانیش لە بەرۆکی
گوڵە نێرگزێکی دەدا

* * *

کە ئێوارە
سەر بە سەرینی شەو دەکا
ئا لێرەدا میلی کاتژمێری ژوان
ئاوازی چاوەڕوانی دەژەنێ
کەچی زەمەن

پەنجەکانی لە قژی تەمەنم ئاڵاندووە
گەنجێتیشم چۆتە نێو
چوارچێوەی تارماییەکی سپی...

* * *

تابلۆکان
ڕەنگەکانیان وون کردووە
خۆزگەکانیش
بوون بە باکگراوندێکی زەردو سیس
نە خەرمانەی ڕازەکانم سەوز دەبن
نە بارانیش کێڵگەی ئەوینم ئاو دەدا

* * *

من تێناگەم
نەتۆ بخەمە نیو چوارچێوەی
هەگبەی تەنیاییم
نە لە نێو پێڵوی
چاوەکانی ماچێك دا فەنا بم..

* * *

چ شەکەتیەکە
عەشق لە دەرگا شکاوەکانی ژوان دەدا
ماچەکانیش
بە لێوی وشکی ئازارەکانم پێ دەکەنن





دەنکە هەنارە سوورەکانیش
دەپرژێنە نێو مەڵاشوی خۆزگەکانم
تا ئەو ساتەی
بە بۆنی سێوی سینەت مەست دەبم

* * *

لەبیرتە ئەو ساتانەی
لەژێر سیبەری ڕەشی
کاروانسەرای ئەوینی شەو
دەحەساینەوە
کەچی ئێستا سپی ترە لەجەستەی بەفرو
زەردتریش لەچاوەکانی خەزان

* * *

ئا ا ا ا خ خ خ ... پیری
کەسێ نی یە
گۆچانە لارەکەی عەشقم لێ وەرگرێ
لە کەناری تارماییەکانی قەدەر
کە پڕە لە ستایشەکانی جوانی
پڕ لە عەشق
لێواو لێو لە ماچ . . !!!

## (( لەگەڵ بارگەی مۆبایلەکەم ))
## (( دەکـوژێـمـەوە ))



کات لە ساتەکانی
چاوەڕوانـــی دا
باوەش بۆ ژوانێکی
بێ ئۆقرە دەکاتەوە
وەکو جـــاران
هەنسکی ئەوینێکی پاك
بۆ لای زەنـــگی
مۆبایلەکەم دەمباتەوە
ئەمجارەیـــــــان
لە بێدەنگی منو تۆدا
لەگەڵ ئاوازێکی نامۆدا
دڵ پەرۆشی نۆتەکانی





سیمفۆنیای دەنگتە
سۆمای چاوم تامەزرۆی
سیمای پڕ جوانی ڕەنگتە
بەڵام ئەم سەفـــەرە
نەمن دەبمە کۆیـلەی
نـــــازی ووشەکان
نە تۆش دەبی یە ساڕێژکەری
گشت زامەکـــــان
من لـــــــێرەوە
بۆ زەنگی پەیامێکی
پڕ لە حـــــەسرەت
دەسووتێمو دەخولێمەوە
هـــــێدی ... هـــــێدی
لـەگـە ڵ بـارگـەی مـۆبـایـلـەکـەم
دەکـوژێـمـەوە... !

## (( گوناهەکانی عەشق ))



کاتەکان لە یەك دەچن
ڕۆژترین شەو لەگەڵ تۆدا
شەوترین ڕۆژیش لەگەڵ ئەو
ژیان ئاڵۆزترین سادەیی یە
زەمەنێکە لە هاتنەوەی
سوڵتانەکانی عەشقەوە دەست پێ دەکا
من والی مەملەکەتی عەشقم
کورسیەکەم باوەشی یارە
دیوانەکەشم دڵی ئەو
من لە مەنفاوە هاتووم
عەباکەم خەڵتانی خوێنە
تابوتم جەستەی ئەنفالە
ساباتیشم پرچی خۆڵەمێشی هەڵەبجەیە





دەلۆ..لۆ هایێ هایێ هایێ ێ ێ ێ
مارشی دەسپێکی ژیانم
هەر سەردولکەی مەرگ بووە
حەیرانیشم
( هەر لۆ بسك و باخەری -
کیژۆرە ئەسمەرێ بووە )
پێنج فەرزەی نوێژیشم
هەر بۆ خوای عاشقان بووە
خودایە
خودای عەشق و ئەنفالستان
لەوەتەی هەم تەمەن بەئازاری ناساندووم
کەچی تۆش دەمخەیتە قولایی دۆزەخەوە
من لەنزیکترین خاڵی قەدەرەوە هاتوم
لەگەڵ ئەشکەنجەو کۆژانەکانم ڕاهاتووم
لەگەڵ فیراقیش دەچمەوە ...
ئیدی کۆتایی یەکان
سەرەتاکان دەپێچنەوە
ئازارەکانیش
گوناهەکانم دەشۆنەوە
گوناه .. گوناه
ئەی جوانترین و گوناهترین ئاگری دۆزەخ
بیرەو حەزەکانم یاخین لێت

ئیدی کرنۆش بۆ کێ بەرم؟

دەپێم بڵێ :

هەڵچونی ڕووبارێك خوێن

یا باوەشی ژنێکی پڕ تامەزرۆ

یاخود نیشتیمانێکی ئەنفالکراو

کەچی ئاوێتەی لێوی

گوڵێك و پەپوولەیەك

لە گەڵ چاوتروکانێك

لە چۆلەکەیەکی سەرداتێلەکانی شەقام

گوناهن ...

گوناه لەیەکەم سورەتی عەشقەوە

دەستی پێ کرد

تا گەیشتە دواین هەناسەی مەرگ

من نە بووم تۆم خستە نێو مەراقی گوناهەوە

بەلێوی وشکی خەمم ناساندی

لە نێو کتێبە پیرۆزەکانی عەشقم شاردیەوە

بەڵام من گەورەترین گوناهم کرد

کە تۆو نیشتیمانی خۆڵەمێشم خۆشویست .. !!





## (( من نەمزانی... ))



من نەمزانی

دڵی تۆ وڵاتێکی پڕ لەقینە

پڕ لە سەفەری مەرگ و

ئازارەکانی ئەوینە

دوای دابڕان

چیم لەدەست دێ

پاساریەك سەر هەڵدەگرێ

کێ دەزانێ بۆ کێ دەچێ ؟

* * *

من نەمزانی

هەوری خەفەت

دێتە ژێر باڵی یەقینم

لە تۆ زیاتر کەس نابێتە

هاوەڵی دەردو برینم

* * *

من نەمزانی
چۆڕێ ئاوی پێڵوی چاوت
لەمن دەبن بە دەریایەك
بۆ دارمانی قەڵایەك
بۆشكست هێنانی سوپایەك

* * *

من نەمزانی
كامتان شیرنترن لە كامتان
پێكەنینی تریفەی مانگ
لە ئاسمانی گومانەكان
یاخود گریانی
گوڵێكی نێو باوەشی خەزان

* * *

من نەمزانی
تەنیا حیكایەتەكانی دایكم
لە شەوی مات و خامۆش دا
دەمخەوێنن...
تەنیا ڕەشەبا شومەكان
گەڵاكانی ئەم دەڤەرە
دەوەرێنن...

* * *

من نەمزانی





تەمەنی گوڵی عەشقمان
لەباوەشی بەهارێكی دۆڕاودا كورتە
ئەی نازانی دوای وەرینیش
دڵم هەر ئاوێتەی دڵتە ... ! ! !

## (( ئەستێرەكانی گومان ))



من ئەستێرەكانی گومانم
لە چاوەكانی تۆ دەژمارد
دڵم بوو بوو بە كۆیلەیەك
كڕنۆشم بۆ نزاكانی
عەشق دەبرد ..
من بە ئەفسونەكانت
دەستخەڕۆ بووم
تریسكەی ئاسمانی حەزەكانم
خستە ژێر هەوری جوانیت
كەچی تۆ ڕۆحی عەشقێكت
ئاگر باران كرد ..
ئەی خائینتر
لە نوكی خەنجەرەكانی زەمەن

دڕندەتر
لە ئەشکەنجەکانی ( حەللاج )
تۆ گیانی عەشقێکت
لە سێدارەدا ..
نۆبەرەی تەمەنی
دڵی شـــاعیـرێـکـت کوشت .. !
هاتی هەروەك
ئەستێرەیەکی کاروان کوژە
سەرت بە ژووری
تاریکم داگرت
هێشتا مابوو
بە تریسکەی جوانیت
شاد بم ..
کەچی لە پڕ جێت هێشتم و
لە ئاسمانی خۆشەویستی
تۆ جوانی خۆت .. هەراج کرد .. !



پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــا )

## (( گڕی عەشق ))



کە پەنجەرەی فیراق دەشکێ
لەژێر شەپۆڵەکانی ئاگردا
گوناه لەسوتانی ڕۆح دەترسێ
لە ئامێزی خەزانیش دا
گەڵای زەردی چاوەڕوانی
لە مەرگی ناکاو دەپرسێ
لە تارمایی تاوێرەکانی غوربەتدا
جەستەی ئەوین
هاوارێکی تاساوی لێ هەڵدەستێ
ئەوساتانەی میللی کاتژمێری
ژوان دەوەستێ
پەڕەی دۆسیەی تەمەنی دڵداریم
لەئەرشیفی یادەکانم

ژیلەمۆ ئاسا دادەگیرسێ

لەنێو پێڵوی

چاوی ڕەشی خۆڵەمێش دا

من بۆ پەیامەکانی عەشق

عەشقیش بۆ فیراق دەسوتێ . . . ! ! !

## (( شانۆگەری بەفر ))



بەفر هێدی..هێدی

وەکو فوستان

لە ئاسمانی شانۆی شاردا

سەمای دەکرد

ورشەی شەماڵ

لە کوچەو کۆڵانەکان

تۆرابوو..

بۆیە بەفر

بەهێمنی .. بە بزەوە

دەهاتە خوار

منیش نامۆتر لەم شەوە

تۆم کرد بە بوکی

ئەم شانۆگەریەو





بەفرم کرد

بە کراسی بوکێنیت

بەفر باڵای

لە باڵای تۆ ئاڵابوو

پرچی تۆ لە پرچی ئەو

شۆڕتر بوو

چاوی تۆ لە چاوی ئەو

گەشتر بوو

لەم شەوەدا

بەفر نازی جەستەی تۆی

پێ هەڵنەدەگیرا..

منیش خەو لە چاوم زڕابوو

پەلی هەستم

لە سیمای جوانی تۆ

ئاڵابوو ..

هێدی .. هێدی

باڵای بەفر

لە سەر شانۆ

دەتکایەوە . .

کە تۆش بە تەنیا مایەوە

لە باوەشی گەرمی من دا

توایەوە . . !

## (( هەنسکێك بۆ مەخمور ))

( پێشکەشە بە شەهیدانی تەقینەوەی ٢٠٠٧/٥/١٣ لە مەخمور )



ئەمجارەیان
کە قەرەچوغم بینی
تارای سەوزی بەهاری لادابوو
خەریکی لاوانەوەی
حەیرانێکی نامۆ بوو
بۆ دەشتەکاکی بە کاییەکەی من
لە گەرووی وشکی بازاڕگە
گەردەلولی مەرگم بینی
مەخموریش لە باوەشی خەزان
پرچی خەمی شانە دەکرد . .
دەستە ڕەشو چڵکنەکەی





هەوگی ( حەمەد )م[١] بینی
پشتێنە سوورەکەی ( شازاد )[٢] و
شاڵاوی خوێنی شەهیدم بینی
شیعرم بینی چۆن دەگریا
فرمێسکە سوورەکانی
لە ڕووی گەشی ( بێلاف )[٣]ەوە
دەهاتنە خوار
جەستەی شەهید
پرێسکەیەك لە گۆشتو ئێسقانو خوێن بوو
قەلا بەرگی ڕەشی پۆشیبوو
ساباتەکانی قەسرانیش
گەلاکانی هەڵوەریبوون
شەپۆڵە هێمنەکانی دەرماناوەش
دەستنوێژی نوێژی مردوویان
بۆ کوچەو کۆڵانەکانی شار هەڵدەگرت
ئەم جارەیان کە هاتمەوە مەخمور
لە ئەرشیفی یادەکانم
ژیلەمۆی چرۆی رۆحی منداڵیم و
تەنافی گەرمی گەنجیم و
سیللەی رەحمی پیریم
هەموو بەیەکەوە دەگریان . . .
چارۆگە ڕەشەکەی داپیرەم بینی

لە گۆچانەکەی باپیرەم ئاڵا بوو
لەگەڵ حەیران
سەردولکەی مەرگیان دەهۆنییەوە . .
مەخمور ... ئەی بوکی بەهار
ئەمجارەیان هاتووم
لە ڕۆژی مەراسیمی مەرگ
ئەڵقەی خەمت لە پەنجەکەم
ملوانکەی خەزانی ئایاریش
لە گەردنت بئاڵێنم . . . ! ! !





(١) کوڕە گەنجێکی شاری مەخمور بوو، لە ساڵانی حەفتاکان بە دەستی ڕەشو چڵکنی بەعس شەهید بوو.

(٢) کوڕە پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو، لە راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ شەهید کرا.

(٣) مەبەستم عەبدولڕەحمان بێلافی شاعیرە.

## (( سانا نی یە ))



**سانا نی یە**

ڕێ لە کاروانی ئەوینی چاوەکانت بگرم
لە ژێر تۆنێلی برژانگەکانت
وەنەوزێ بدەم
سەفەرێك لەسەر پشتی ( با ) بکەم
سڵاوێك لە تریفەی مانگ و
جەژنانەیەك
لەگەڵ شەپۆڵەکانی جوانیت بکەم . . .

**سانا نی یە**

گرەوێ لەگەڵ ئەستێرەکانی شەو بکەم
سەرخەوێك لە ژێر تارمایی
کلێسەکانی هەندەران بشکێنم
لە سەر شانۆی دەریای تەمەنیشم

گوێ بۆ سیمفۆنیا بەسۆزەکانی
( کانی ) شل کەم . . .

**سانا نی یە**

گوستیلەی سەوزی بەهار
لە پەنجە زەردو سیسەکانی پایز بکەم
خۆزگە سەربڕاوەکانیشم
لە ژێر تاوێرەکانی نیشتیمان
جێ بێڵم
ملوانکەی ئازارەکانیشم
لە گەردنی زیوینت بئاڵێنم . . .
مەگەر لە ژێر تارمایی هەورە کۆچەریەکاندا
سەیری پەنجەرەکانی غوربەت بکەم
بچمە ناخی بەستەڵەکی دڵت
تێکەڵ هیمۆگلۆبینی خوێنت بم . . . ! ! !

* * *

**سانا نی یە**

ئێشك بە دیار کاروانسەرای
ئەوینی شەو بگرم





لە ژێر تریفەی مانگدا
کوڵمی تەڕی حەز ماچ بکەم
لە نێو حەشری کۆپلە مەستەکانی شیعردا
لە گەڵ ساقیان مەی بگێرم . . .

**سانا نی یە**

لە چلەی زەردی خەزاندا
زەماوەند بۆ مەرگی
پەپولەیەك بگێڕم
لە سەر باڵی باڵندەیەکی کۆچەر
داستانێك بۆ سوتانی
سەفەری عەشق بنوسمەوە
لە باوەشی سووری ئاگریشدا
وەنەوزێ بدەم . . .

**سانا نی یە**

پرچی نەرمی ئێوارەیەکی نارنجی
لە باڵای زەردی کازیوە بئاڵێنم
لە گەڵ ڕنوە بەفرەکانی
کوێستان بتوێمەوە
بە قەراغی کێوی بێستون دا تێپەڕم
شوێن پێی هەنگاوەکانی
فەرهاد هەڵگرم . . .

**سانا نی یە**

لە چاوەکانی فریشتەی ڕۆح
دزە لە جوانی مانگ بکەم
درۆ لەگەڵ ویژدانی خۆم و
پەڕو باڵی مەلی هەستم هەڵوەرێنم
بەرەو کێوی بەرزی عەشق
هەنگاوبنێم . . .

**سانا نی یە**

لە کەرناڤاڵی پیری دا
جوانترین گوڵ
لە ئامێزی گڵ دا بقرتێنم
لە بەرۆکی کچانی ژێرنسکۆی ئەوین بدەم . . .
مەگەر لە چوارچێوەی
ئاوێنە شکاوەکانی سەرابدا
بە دیار شەپۆلە سپیەکانی کەناری دەریای تەمەنم
حەیرانێکی نامۆ
بۆ زەمەنی تراویلکەی گەنجیم بچڕم . . . ! ! !





## (( پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی – با – ))



ئەم ئێوارەیە
لە تارمایی بێ ئۆقرەی شیعرێکمەوە
پەنجەکانم
لە ژێی تاری پرچی کازیوە دەرەنجێنم
بە کوڵی وشەوە باڵ دەگرم
ئوقیانوسەکانی ئەوین دەبڕم
سەرێ لە ماڵی ( با) دەدەم
دەڕۆم
سەفەرە تاڵەکانی نامۆیی بۆ دەگێڕمەوە
ڕۆحم .. هەناسەم .. جەستەم
بە هەنگاوەکانی ( با) دەسپێرم
کەچی ئەو ناهێڵێ
لە پەنجەرەکانی فیراقەوە
لە کەناری دووریت ڕامێنم

به ئاسپایی
ئەم دوو وشەیەت بۆ بدرکێنم
کە ساڵانێکە پیتەکانی
لە نێو هەگبەی شێواومدا
پەرش و بڵاون
من جارێکیان
بە قەد پیرەدارێکی نێو باوەشی خەزان
لە ( با ) پاڕامەوە
کەچی تۆزقالێکیش
بە زەیی بە پرچی زەردی خەمەکانم نەهاتەوە
( با ) بوو
خانووە بچکۆڵــــەکانی
نێو یاریگای منداڵی لێ ڕووخاندم
کۆلارەکانی ئاسمانی خەونی
لێ پچڕاندم
گەردەلوولی مەرگی هێنا
دەست و پەنجەی ناسکی
بیرەوەریەکانی لێ هەڵوەراندم
( با ) بوو
سینەی شیعرێکی لێ واڵا کردم
دوگمەی وشەکانی لێ کردم بە زریان
یاری بە مەمکی کۆپلەکانم دەکرد





ئاخر من چۆن
لە زمانی ( با ) حاڵی بم
ساتێك هێمنە و ساتێکیش شێت ...
تازە درەنگە
بۆ پیاسەیەك لەگەل زەردەخەنەی ( با )
بۆ نێو حەسرەتە یاخی بووەکانی نامۆیی
ببوورە ...
ئەمجارەیان بە هەنگاوەکانی ( با ) ڕانەگەیشتی
سەفەرێك بەرەو مەملەکەتی فەنا بوون بکەی
ئاخر چۆن گوڵ لە زمانی ( با ) حاڵی دەبێ
لەگەل شەپۆلەکانی دەریاش تەبا دەبێ
کە ( با ) شای نێو دارستانی خەون بێ
( ئاو ) یش سەرلەشکری و یژدان
تازە درەنگە
بۆ ئاوێتە بوونی
وەنەوزەکانی ژێر ساباتی عەشق
دوای چی ؟
پاش ئەوەی کفنی سپی بەرائەتت
لە کەناری دەشت و دۆلی نیشتیمان جێ هێشت
نەمامی عەشقێکی پاکت
لە بێشەڵانی غوربەت چاند
چۆن لە ورشە شێتەکانی ( با ) نەترسای؟

نا ئەمجارەیان هەرگیز
پەیامە پیرۆزەکانی عەشق لێمان نابوورن
وا خەریکە دوانزگرەی هەناسەی ماندووم
لە بەردەم بلێسەی جوانی تۆدا
تەواو دەبێ
سۆمای چاویشم
برژانگەکانی پێلوی شەو
دایان دەپۆشن
ڕۆحم بۆتە ئاوازێکی بێ دەنگ
بێ هۆشتر لە تارمایی
جەستەی چۆلەکەیەکی تینوو
تازە درەنگە
بۆ پیاسەیەك لەگەل زەردەخەنەی ( با )
بۆ نێو حەسرەتە یاخی بووەکانی نامۆیی
تازە ئەوان بوون بە سیناریۆی
شانۆگەرییەکی بەربەیانێکی خەواڵو
لە بەردەم تەوژمی ( با ) دا هەڵوەرین
ئاخر من چۆن
لە زمانی ( با ) حاڵی بم
ساتێك هێمنەو ساتێکیش شێت ...





## (( شیرینترین تابلۆ ))

( بۆ.. ت . ع . )



کێ لە وەهمی
ساتەکانی ژین تێ دەگا
هاواری بۆ
ئاسمانە سورەکانی ئەوین دەبا
کێ ئابڕوی خۆی وەکو سێوێ
دەخاتە ژێر ڕەحمی چەقۆیەك و
سەری بۆ خیانەت
کەچ ناکا ...
کێ دەزانێ
خورپەی دڵی خورشید
لە کام تەلار ماڵ ئاوایی
لە ئەوین کرد
کێ وەك مامەر

بە هەوریەکەی سەری و
فیشەکەکانی کەمەری
کڕنۆشی بۆ نزاکانی عەشق برد ...
بڕوا بکە
کاتێ بە دیار وێنەکەی تۆ
قوڵ بومەوە
وەك جادوکەر
ئەفسونم خستە سەر سیمات
هەر بۆ ئەوەی
کۆمەڵێ حەز بخوێنمەوە
( زینم بینی -
بە دوای پشتێنەکەی -
کاکە مەم دەگەڕا )(*)
فریشتەکان
لە بێ هودەیی تۆ
خەو لە چاوانیان دەزڕا
هەورم بینی
بۆ پرسەی شیوەنی حەزو
کراسی ڕەشی تۆ دەگریا
گەلێ بەدوای
عاشقانی تۆدا گەڕام
بەدوای تامی





هێشوی شیرینی دا سوڕام
تۆ لە هەموو شت شیرنتر بووی
گەڕام ... گەڕام
وەك دێوانە
لە ئاسمانی تریفەی وێنەکەت
تۆ لە هەموو شتێ جوانتر بووی ... !

(*) له دێره شیعرێکی ( ترێ عومەر ) وەرگیراوه .

## (( شای جوانی ))



لەشەوێکی ئەنگوستەچاو
مانگ پرچی خۆی
شانه دەکرد
گشت ئەستێره قەشەنگەکان
کڕنۆشیان بۆ سیمای
دەبرد ..
هەور دەیگوت
کێ چرنوکی له هەوگم نا
شای ئەستێرەی
له بەند دەرکرد
شەماڵ .. تەم .. رەشەبا .. زریان
تۆڵەی شەویان
له خۆر دەرکرد ..
که کازیوه بەمەی زانی





مانگی کرد به شای جوانی .. !

## (( خەڵاتی عەشق ))



نامەیەکت بۆ نوسیبووم
دەست بەردار بووی له من گیانه
تۆ خەمێکت بۆ چنیبوم
من دەزانـم پەشیمانی
چەند ئازارێکی پڕ ژانه
زامی سەختی چاوەڕوانی
چەند نامۆیه عەشقو سوتان
دڵ هۆگری ترپەی پێته
له نێو خشپەی گەڵاڕێزان
نامەیەکت بۆ نوسیبووم
دەست بەردار بووی له من گیانه
تۆ خەمێکت بۆ چنیبووم
من به بێ تۆ لەجێ ی ژوانم
لەگەڵ یادەکان دەسوتێم

بۆ سیمای تۆ چاوەڕوانم

تامەزرۆمە سات لەدوای سات

بۆ ئەم عەشقە دەسوتێم و

لە پێناوی دەبمە خەڵات

نامەیەکت بۆ نوسیبوم

دەست بەرداربووی لە من گیانە

تۆ خەمێکت بۆ چنیبوم . .





## (( کە تۆش هاتی ))

سۆمای چاوم

لەگەڵ هەنگاوەکانی هەوردا

پرچی باران دەهۆننەوە

ڕەنگم ئاوێتەی خۆر دەبێ

زامەکانم

وانەی عەشق دەڵێنەوە

من لەڕێگای جوانیت وەستام

وەك ژیلەمۆ

بۆ سۆی ئەم عەشقە دەسوتام

کە گریانیش برژانگی خەمی داهێنام

خەزان هات و

ئاوازی مەرگی بۆ هێنام

کە تۆش هاتی

بە ورشەی قژی ئاڵتەوە

بەترپەی لەنجەو لارتەوە



وتم نەکەی
چۆن دڵت هات
فو لەچرای ئەوینم کەی
خامۆشم کەی . . . ! ! !

## (( تاراوگـەی عـەشق ))



تاڵ .. تاڵ
پرچی خەفەتم هۆنیەوە
زامەکانیشم
لەسیمفۆنیای نۆتەکانی پەنجەی خەم
بێ زار بوون
نیگای چاوم وێڵ بوو بەدوای
دڵۆپە ڕۆندکێکی قەتیس ماو
تا ئازارەکان لە گۆڕستانی فرمێسک بنێژم
بیرەوەریە بێ نازەکانم
لەگەڵ شەپۆلەکانی سەرابی عەشق
لە قوڵایی دەریای غوربەتدا وون بوون
حەسرەتەکانیشم
لە خۆزگە خنکاوەکانی مەینەت
لە دایك بوون





من کوڕی ( ئاو ) بووم
ڕژامە نێو کۆڵانە تاریکەکانی ژوان
یەکەم پەیامی ئەڤینم
بۆ هەتاو برد ...
تۆ ئەو سات لە من دوور بووی
دەنگی شیعرم پێت نەگیشت
بەڵام پەیامە هەڵچوەکانی
قیبلەی دڵداریم
لەگەڵ شەماڵ
بارگەیەکیان بە کۆڵ دادا
لە کەناری ڕێگای
مەملەکەتی عەشقیان ئاشت
بوون بە هەڵم
ئاسمانی وڵاتێکی نامۆیان پۆشی
بوون بە باران
بە چیرۆکی عەشق و سوتان
تۆ ئەوکات عەودالی شۆین پێی
دەروونە یاخی بووەکانی هەندەران بووی
من بووم تۆم بە خۆزگەکانی شیعر ناساند
کۆپلەکانیم یەکە ... یەکە
وەك ئاوریشم بۆ باڵات چنی ...
دەزانی تازە درەنگە

گەڕانەوە بۆ ژێر سێبەری دارەکانی موحیبەت

پایز لە بەردەرگای زستان کەوتوەو

ڕەشەبای فیراقیش

یەخەی وشکەڵانی شیعرم بەرنادا

جاران تۆ کچی هەتاو بووی

لە باوەشی نەرمی پەلکە زێڕینەدا...

بەڵام ئیستا

سینەت بۆ کام ئاسمانی حەز ڕاخستووە

لەژێر کام هەوری نامۆدا

پرچت کردۆتە ڕەشماڵی حەسانەوەی باڵندە کۆچەریەکان

پەنجە ناسکەکانت

ژێی تاری کام ئێوارەیەکی نارنجی دەژەنن

ڕازەکانت لە کام شەوی سۆزانی دا بە شووشە شەرابەکانی

ژێر سێبەری سەراب پێدەکەنن ...

ئەی نەتزانی تۆ کچی خۆرەتاو بووی

دەسگیرانی کوڕی ئاوی نیشتیمان بووی . . . ؟ ! !





## (( ساتێك لەگەڵ دایکم ))



هۆ دایە گیان

ئەی ئەو گوڵەی

قەت تێر نابم

لە بۆنی باوەشی گەرمت

وەك منالێ

ئێستاش دەگریم

بۆ لایلایەو سینەی نەرمت

هاتوم لەنێو باوەشی تۆ

خەو بۆخۆیم بباتەوە

نۆتەکانی سۆزی دەنگت

گریانی من ژێرکاتەوە

ئەی دایەی جوان و شیرینم

لەنێو هەر تابلۆیەکی جوانا

سیماو ڕەنگی تۆ دەبینم

هەر چەند نوقمی

تەلیسمی دنیای ویقاری

لەژێر ناڵەی

زامی پڕ ئێش و ئازاری

تۆ هەر جوانی لەبەر چاوما

کانگای عەشق و وەفاداری ...!

## (( ڕازی شەو ))



ئەمشەو کام خۆزگەی مەحاڵ

خۆی لە چاوەکانی ئەسرین حەشاردەدا

لەگەڵ هەناسە سوارەکانی من تەبا دەبێ ...

هەرچەند دەکەم ڕازەکانم ئۆقرە ناگرن

بەڵام ئەفسوس

هێشتا کات لە بن سێبەری مانگ نەخەوتووە

چاوەڕێمە تا هەناسە قوڵەکان لە ( با ) بێ دەنگتر دەبن

شەمشەمە کوێرەی ژوانیش

خۆی بە بنمیچی خەیاڵم دا هەڵدەواسێ ...

من لە تۆ زیاتر هۆگری ئەم ساتانەم

ڕازەکانەم وەك کارمامزێکی کێوی

لە هەڵدێری باڵای تۆدا تەکان بدا ...

لە تۆ زیاتر تینوی ئەو ماچانەم





وەك باڵەفڕکەی پەپولەیەك

بۆ نێو پەڕە خوساوەکانی گوڵێك ..

* * *

چاوەڕێمە ... تا ئەسپی ئەوینم

لە قۆشمە دەگەڕێتەوە

ئینجا لە ژێر باڵی هەورێـکی سپی

بە ئامێزی یەکتر شاد دەبین

لە ژێر ڕەحمی حەژمەتەکانی ئەم شەوە

تەڕ دەبین ...

تەڕتر لە گوڵە گەنمە تینوەکانی

ژێر لێژمەی بارانێکی ئەفسوناوی ...

* * *

چاوەڕێی چی دەکەی ئازیز؟

شار لەوە کپتر نابێ

ئاسمان باوەشی بۆڕازەکانمان کردۆتەوە

مانگیش چاوەڕوانی ئەوەیە

تریفەی خۆی بکاتە ڕووناهی ئەم سیناریۆیە

ئەستێرەکانیش ئامادەن

چەپڵە بۆ کۆتایی شانۆگەریەکەمان لێ بدەن ...!

## (( بوکی ئەنفال ))



چی لە ئاوازی
نەغمەی مەرگ بەجۆشترە
چی لە پێکی ئازارەکان
گوناهترە
بۆ سەر تارای
ڕووی شەرمنت
دەبنە ڕستە عاشقبەندێك
بۆ گەردنت
دە هەڵسە
وا ئاڵا بەڕووی خاکدا
پێدەکەنێ
خۆر شمشاڵی





بۆ ئاسۆ دەژەنێ
هەڵسە و لە چەکی خەم
لە ڕووی بێ تەلقینت کەوە
فرمێسکە مرواریەکانت
بسڕەوە ...
وا دەهۆڵی ئەنفالچیەکان
ئەم ناوەیان کاس کردووە
ئاهو نوزەی
منالآنی بێ نازی باوك
گوێچکەی زەمینیان سڕکردووە
هەنسکی دایکانی شەهیدان
سەردولکەی حەز
دەهۆننەوە ...
دەتۆش هەڵسە
هۆ کچە ئەنفالە جوانەکەم
ئەلقەی مەرگت
لە دەست کەوە ...!

## (( لەوەتەی شیعر نامنوسێتەوە .. ))

**( بۆ ئەو شاعیرە بێ دەنگەی -**

**ماوەیەکە لە چڕینی شیعر یاخی بووە )**



کە پەنجەکانت
لەنێو لەپی شیعر ترازاند
برژانگی پێلوی وشەکانت سوتان
چاوەکانی شیعریش
نوری تەنیاییان لێ باری ..
لەوەتەی شیعر نامنوسێتەوە
هەگبەم پڕە لە خەرمانەی وشە
پڕیشە لە سۆزی نزاکانی بێ دەنگیت
جاران چناری بەرزی نێو کۆپلەکانت





دەبوون بە سێبەری
کاروانسەرای ئەوینی عاشقان
دەبوون بە گۆرانیەکی نامۆ
ئاوێتەی سیمفۆنیای
ئێوارە نارنجیەکان دەبوون ..
لەوەتەی شیعر نامنوسێتەوە
من ئاوەرەترین پاساریم
لەنێو هێلانەی بێ دەنگیت
ئەی شاعیری زەمەنی جوانی و ئاوێتە بوون
تریفەی نێو کەرنەڤالی مەراسیمی شیعر
بمنوسەوە ..
با لەگەڵ جوانترین وێنەدا
ئێستاتیکایەك لەچوارچێوەی خۆیم بگرێ
وەکو جاران
گوڵێك بدە لەپەرچەمی شیعرێکت
بیکە بە ملوانکەیەك
لەگەردنی ئازارەکانمی بئاڵێنە ..
کە ڕۆیشتی
وشەکانت خۆیان لەنێو
کتێبە قاچاغەکانی عەشق شاردەوە
بوون بە تارماییەکی ڕەش و نامۆ
شیعریان دا بەر ڕکێفی بروسکەیەکی یاخی..

کە ڕۆیشتی
ئاوێنەکان شکان
پەنجەکانی شیعر سوتان
دوا وشەی ئەوینیش گڕی گرت
پیتەکانی بوون بە خۆڵەمێش ،
گزنگ ماچی لێوی زەردی کازیوەی کرد
شەو پەنجەکانی لە قژی یەڵدا ئاڵاند
شیعر بێ دەنگ
وشە بێ ڕەنگ
زمانیش لەنگ
لەبەر دەرگای ماڵی چۆڵی شیعرێکتدا
گیانم بۆتە چەند لاپەڕەیەکی سپی
ئەی شاعیری زەمەنی جوانی و ئاوێتە بوون
تریفەی نێو کەرنەڤالی مەراسیمی شیعر
بمنوسەوە ...





## (( سیناریۆی عەشق ))



بە سۆمای چاو
لە نهێنیەکانی عەشق دەگەیشتین
لە ژێر سایەی هەوری شەرم
بارانی حەز دایدەڕشتین
بە برژانگیش سوجدەمان
بۆ هەڵوێستی پاکی ئەوین دەبرد
ئەفسونە پڕ مەستەکانیش
لە تارمایی چاوانماندا
سیناریۆیان دروست دەکرد
تۆ دوو دڵ بویت
منیش ئێشکـگری پەیامێکت بووم

چاوەڕوانی سۆزی
چەند وشەیەکت بووم
کەچی نەمن نە تۆ
نەمانتوانی نازی وشەیەك هەڵگرین
کڕنۆش بۆ شای عەشق بەرین ..!

## (( خاچ ))

یاخی بوون
لە پەیامە زیندوەکانی
خەمە گومانلێکراوەکان
فەنا بوونە لە ئامێزی
گریانێکی ئەبەدی ..
هەڵچونی تەمی سەر
مەزارەکانی خاكو
ڕێپێوانی دڵدارەکان
ئاشنابوونی ڕۆحە
بە ئاسمانە سوورەکانی ئەوین ..
گەورەترین سەراب
حەقیقەت دەخاتە نێو







دەرونەکانی فیردەوس ..
سۆزی زەماوەندە تەماویەکان
تێك ئالآنی قەفی پرچی دارەکان
لەگەڵ ڕێچکۆڵەی فرمێسك و
گریانە بێ بەزەیی یەکان
تابلۆیەکی بێ کۆتایی
بۆ دوایین پێکی هەناسەی ژین
دەنەخشێنن ..
عەشقێکی پاك
بە گەواهی دەستو پەنجەی
سیمای کچێکی باڵا بەرز
بە تریسکەی ئەستێرەکان
شەپۆلی تریفەی مانگ و
خشپەی گەڵا وەریوەکان
لە خاچ دەدرێ .. !

## (( فەنا بوون ))



(١)

ئەمجارەیان کە هاتمە لات
دەبمە چەند دلۆپە حەزێ
لەدرزی پەنجەرەکەتەوە
دێمە ژووریٚ وەکو باران
وەك چیرۆکی شەوانی
سەرماو سۆڵی بەرئاگردان
وەك عاشقێك
لەم شەوەدا دەبمە ڕۆمان

(٢)

پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــا )

ئەمجارە دێم
چی خەونی پڕ حەسرەت هەیە
دەیگێڕمەوە ...
دەیکەم بە قەسیدەیەك و
لە ژێر تاڵە بەندی قژی خاوت
دەیخوێنمەوە ...

(٣)

کێ چیرۆکی ( ئاوێتە بوونی -
ڕۆحی )[*] لەبیرە؟
کێ دەزانێ ئەم سەفەرە
دڵی( خامۆش ) گەنجە یا پیرە؟

(٤)

ئەمجارەیان
وەك هیچ جارێکی تر نیە
سەر سوڕمانە
جاویدانی کەساسی خۆم
فەنا بوونە
لە ئامێزی چاوەڕوانی
هۆگری تۆم..

(٥)

ئەم سەفەرە ڕێبوارێکی
گەلێ ماندووم
بەتاسەوە لەمەملەکەتی
ئەوینەوە هاتووم
هاتووم .. سەربەسینەت بنێمەوە
لەژێر ڕەشماڵی پرچی تۆ
تاوێکیش بێ .. بسێمەوە

(٦)

ئەمجارەیان
لە خشپەی هەنگاوەکانم مەترسە
لە بوون وهاتنی
ئەم سەفەرەم مەپرسە
ئەوە منم پرچی خاوی شەوی یەڵدا
دەهۆنمەوە..
منم پێکی چاوەڕوانی
لەباوەشی گەرمی تۆدا
دەخۆمەوە..!





(*) ( ئاوێتە بوونی ڕۆح ) شیعرێکی خۆمە لە نامیلکەی (لە ژێر شەپۆڵەکانی خۆردا) بڵاو بۆتەوە.

## (( مەرگیش نابێتە هاوەڵی تەنیاییم !! ))



کە تەنیاییم
لە ژێر هەوری چاوەڕوانی دا
ئۆقرەی گرت
پێکی زامی ئازارەکانم
لە باوەشی زەردی خەزان
خواردەوە ..
زۆر هێمنتر
لە میلی کاتژمێری دڵدارەکان
لە کۆڵانە تاریکەکانی ژوان
هەنگاوم دەبڕی
بۆ ئەوەی ملوانکەی ئەوینی شەو

لە گەردنی سەحەر بئاڵێنم

لە چاوەکانی خۆریش

ئایەتەکانی ئاوێتەبوونی ڕۆح

بخوێنمەوە ...

زۆر دەترسم ئەمجارەیان

لە حیکمەتەکانی ( با ) نەگەم

لە ئامێزی چاوەڕوانیدا

هەڵوەریم ..

بۆیە خۆزگەکانم

لە ناخی وشکی خاکدا

وون بوون

لەگەڵ یەکەم ساتی چاو تروکانی خۆر

لە نێو خەرمانەی گوڵە گەنمە تینووەکان

چاویان هەڵێنا

بوون بە پاکیزەیی مەملەکەتی ئەوین

ئاسۆش لە زەنگی دڵی دڵدارەکانی دا

دەرگای سەوزی ماچەکانیش

لەسەر پشت کرانەوە

باڵە فڕکەی پەپولەش

بوو بە سیمفۆنیای سەفەری عەشق

بۆ نێو پەڕە خوساوەکانی گوڵ

کەچی من هەر لە چاوەڕوانیدا بووم



پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــا )

لە تەنیاییش تەنیاتر بووم

زۆر لە چۆلەکەیەکی کزی سەر چڵێك

نامۆتر بووم . .

شەو پەنجەکانی

لە نێو سینەی خەم ترازاند

کەچی من هەر بە دیار

حەسرەتەکانی چاوەڕوانی

ئێشك دەگرم

وا خەریکم وەنەوزەکانی ژوان

لە باوەشی گزنگ دا دەخەوێنم

هەناسە ساردەکانیشم

لە دەشتی چاوەڕوانیدا دەڕوێنم ...

پاساریەکانیش

هێلانەکانیان جێ هێشت

بۆ دەڤەری عەشق کۆچیان کرد

کەچی من لە ژێر بنمیچی

پەنجەرەکانی فیراقەوە

هەڵپڕوکاوم ...

تازە درەنگە گەیشتن

بە پەیامە هەڵچووەکانی قیبلەی دڵداریم

عەشقیش لە ئەرشیفی خۆیدا

نامنوسێتەوە . .

لە تەنیاییم وا خەریکە فەنا دەبم
بەرەو ناخی گەردەلوولی مەرگ
هەنگاو دەنێم
من دەزانم
دوای دابڕان لە ژانی پڕ چاوەڕوانیم
مەرگیش نابێتە هاوەڵی تەنیاییم ... !!!

## (( وەسیەتنامەی شاعیرێك .. ))

ئەمشەو هاوارێکی سەربڕاو لەناخی شاعیرێکەوە بوو بە تەم
ئاسـمان لەداخا گڕی گرت
پێنوس پێناسەی مەرگی نوسیەوە
شیوەن بۆ جەستەی شاعیربوو ..
شەقام .. کۆڵان .. قەلا.. لەهەستی خامۆشی بێ دەنگتر بوون
دڵدارە ئێشکگرەکانی شەو پرچی ئەستێرەیەیەکی ڕژاویان هۆنیەوە ..
لە ژوورەکەی هیچیان نەدۆزیەوە
تەنها قەڵەمێکی ووشکی نێو پەنجە سیسەکانی
لەگەڵ کۆمەڵە شیعرێکی بێ نازی جێ ماو ..
بەیانی لەسوچێکی ڕۆژنامەیەك
هەواڵی کۆچی دوایی شاعیرێکیان بلاو کردەوە





کە لەوەسیەتنامەکەی نوسرابوو
شیعرەکانم موڵکی ئەوانەن :

(دایکم)
یەکەم کەس بوو
کە فێری خۆشەویستی کردم..

(نیشتیمان)
دڵی کردم بە چوار پارچە
هەر چواریانم وەك یەك خۆشویست ..

(دڵدارەکەم)
ئاوێتەی بووم .. تا ئەوساتەی
پەنجەکانم لە نێو لەپی ترازان ..!

## (( مەرگ لە باوەشی ماچێك دا ))



دەم دەنێمە نێو دەمی ( با )
تا سیەکانم پڕ دەبن لە ($O_2$)
زمانم لە شەپۆڵەکانی (ئاو) دەئاڵێنم
گەردە تواوەکانی هەڵدەمژم
کەچی نە هەناسەم ئۆقرە دەگرێ
نە لێوی وشکیشم تەڕ دەبێ
ناچار دەبم
ڕازەکانم تێکەڵ سەرابی عەشق کەم
تاکو لێوم ئاوێتەی لێوی سوورت بێ ..
دێم پەنجەکانم



پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــا )

دەخەمە نێو پرچی لولی یادگاریەکانم
منداڵیم لە نێو جۆلانەیەك دەخەوێنم
لەگەڵ گەنجێتیشم
لە ژێر سێبەری ساباتەکانی ئەوین دەحەسێمەوە
بەڵام زەمەنێکە
لە گلاوترین گۆمی خەفەت
بۆقەکانی موحیبەت
قیرە لە ستایشەکانی شەو دەکەن
بروسکەکانیش
لە پشت هەورە ڕەشەکانەوە
قامچی بۆ خاك دەوەشێنن
خۆیان دەخزێننە نێو پارکەکانی ژوان
لە پرچی دارەکان دەئاڵێن . .
ئیدی ماچەکان بێ دەنگ دەبن
جەستەکان خاڵی دەبنەوە لە عەشق
گەڵاکانیش لەرز دەیانگرێ . .
پێم وابێ ئەوە دوا گۆرانی مەرگە
ئازارەکان نۆتەکانیان
لە ژێ ی قەترانی پرچی شەو دەئاڵێنن
بەڵام من لەگەڵ میلی کاتژمێردا
یاری بە ساتەکانی ژوان دەکەم
ڕاموسان دەکەم بەماڵی خۆم و

دەرگا لەسەر حەزەکانم قفڵ دەدەم
نەوەکو هاوەڵانی خەزان
میوانداریم بکەن . .
چۆن نەتدیوە
کە پەپوولە ماڵئاوایی لە گوڵ دەکا
پاساریەکان هێلانەکانیان جێ دێڵن
خۆریش چاوی زەردی خاك ماچ دەکا ..
دەرگا لەکەس ناکەمەوە
تا کات لە ژێر تریفەی مانگ نەخەوێ
شەقامەکانیش سەر بەسەرینی شەو نەکەن
تا ئەو ساتەی ڕازەکانیشم
لە باوەشی ماچێکی بێ دەنگ دەمرن ... !!!





## (( سەردولکەی مەرگی شاعیرێك ))

ئەو ساتانەی
کەمەست دەبم
دەستی خەفەت
لە باڵای وشەکانی
شیعر گرێ دەدەم
منو شیعر بەیەکەوەین
ئەو نامرێ ...
ڕۆژێ دادێ
منیش لەبەرچاوی ئەودا



تەلقین دەدرێم
ئەوسا نەخۆر
پرچی دەکاتە ساباتی
کۆپلە هەڵچوەکانی
نێو هەگبەی چاوەڕوانیم
نەتریفەی مانگیش
لە ساتە تینوەکانی
ژوان دەپرسێ ...
دەزانــــم تۆش
بۆ یادگاریەکانی
ئەوین دەگری
سەردولکەیەك دەهۆنیەوە
بۆ ئەو شاعیرەی
بە نامۆیی سەری ناوە
لە جیاتی گــــــڵ
کــــۆپلە هەتیوەکانی
لە پرچی ژاکاوت
دەئــــــاڵــێنی ...
پەنجەکانت لە خوێنی
دڵی شاعیرێك سور دەکەیت
بەڵێن دەدەی ئەو شیعرانەی
کە وەك ئاوریشم



پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( بـــــا )

بۆ باڵای چنیبوی
هەرگیز لەبەری نەکەیتەوە
بە گەڵا زەردەکانی
پایزیـــش دەڵێ ی
ئەو شاعیرەی
کە بە ڕووباری
چاوەکانی دەیشوشـــتـنەوە
وەك ملوانکە
ڕیزی دەکردن .. بۆ گەردنم
ئەویش کەوتە
نێو باوەشی زەردتان
بە دەشت دەڵێ ی .. بە چیا
بە ڕووبار .. هەرچی جوانە
پێ ی دەڵێ ی .. لەمەودوا
کێ گیانی خۆی
دەکاتە چرایەك ؟ !
هەردەم بۆ ئێوە بسوتێ
ئێوەش ڕۆژ بە ڕۆژ
بۆی جوان ببنەوە ... !

## شاعیر لە چەند دێڕێکدا ..

**( سەرهەنگ حەمە ساڵح ئەحمەد ) ناسراو بە ( سەرهەنگ خامۆش ) لە ساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی مەخمور لە دایك بووە..**

**خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە .. پەیمانگای پزیشکی لە ( موسڵ ) لە ساڵی ١٩٨٦ – ١٩٨٧ تەواو کردووە ..**

**لەبەرهەمە چاپکراوەکانی :**
**نامیلکە شیعری ( لەژێر شەپۆڵەکانی خۆردا ) .. کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بڵاوکراوەتەوە .. هەروەها لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕە کوردیەکاندا بەرهەمی شیعری بڵاو بۆتەوە.**
**ئیمێل ..**

Xamosh_serheng@yahoo.com
Xamosh_s@hotmail.com







## پێرست


| بـــابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەر لە مەغریب دەگەڕێمەوە لات | ٥ |
| تکای فرمێسك .. لە باران | ٩ |
| وانەی سوتان | ١٢ |
| پایز ئەمشەو دۆستی منە | ١٤ |
| خوزگەی پایزە شەوی شاعیرێك | ١٦ |
| خۆزگــە خنکاوەکانی کەرکوك | ٢٠ |
| کۆژانەکانی سەفەر | ٢٢ |
| کاتێ سەفەر لە دەرگای بێ دەنگیم دەدا | ٢٤ |
| تارمایی یەکانی قەدەر | ٢٧ |
| حیکمەتەکانی چاوی تۆ | ٢٩ |
| چاوەکانم بۆ تۆ دەدوێن | ٣١ |
| بۆ فرمێسکی چاوی کانی | ٣٤ |
| بەشەیدایی من پێت دەڵێم | ٣٦ |
| ستایشەکانی دووری | ٣٨ |
| لێواو لێو... ماچ | ٤١ |
| لەگەڵ بارگەی مۆبایلەکەم دەکوژێمەوە | ٤٥ |
| گوناهەکانی عەشق | ٤٧ |
| من نەمزانی | ٥٠ |
| ئەستێرەکانی گومان | ٥٢ |
| گڕی عەشق | ٥٤ |

| بـــابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| شانۆگەری بەفر | ٥٥ |
| هەنسکێك بۆ مەخمور | ٥٧ |
| سانا نی یە | ٦٠ |
| پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( با ) | ٦٤ |
| شیرینترین تابلۆ | ٦٨ |
| شای جوانی | ٧١ |
| خەلاتی عەشق | ٧٢ |
| کە تۆش هاتی | ٧٤ |
| تاراوگـەی عـەشق | ٧٥ |
| ساتێك لەگەڵ دایکم | ٧٨ |
| ڕازی شەو | ٧٩ |
| بوکی ئەنفال | ٨١ |
| لەوەتەی شیعر نامنوسێتەوە | ٨٣ |
| سیناریۆی عەشق | ٨٦ |
| خاچ | ٨٧ |
| فەنا بوون | ٨٩ |
| مەرگیش نابێتە هاوەڵی تەنیاییم | ٩٢ |
| وەسیەتنامەی شاعیرێك | ٩٥ |
| مەرگ لە باوەشی ماچێك دا | ٩٧ |
| سەردولکەی مەرگی شاعیرێك | ١٠٠ |
| شـاعیر لە چەنـد دێرێکـدا | ١٠٣ |
| پێرست | ١٠٤ |




## کتێبە چاپکراوەکانی نواڵەی نوێ و سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە

| ز | نـــاوی کــــتێب | بابـــەت | نووســــــــەر |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | سەفەرە تاڵەکەی من و دوعا شیرینەکانی دایکم | شـــیعر | ئاری ئاغۆك |
| 2 | گەنج و گرفتە دەروونیەکان | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| 3 | ٧٧٧ مەتەڵی کوردەواری | فۆلکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 4 | چرکەیەك تەمەن | شـــیعر | ڕێدار کانەبی |
| 5 | کاتێ شیعر دێتە گۆ | شـــیعر | عەبدال شێخانی |
| 6 | هەگبەی مێژوو | کتێبی مێژوویی | هۆشیار نوری / شەیدا شێخانی/ ئاری ئاغۆك |
| 7 | قەســیدەی چەپکــــە گــــوڵ | شیعری ئایینی | مەلا عومەر مەزلۆوم |
| 8 | دیــوانی نواڵـــەی نـــوێ | شـــیعر | ( 106 ) شاعیر |
| 9 | ڕەنگاو ڕەنگ | شیعری منداڵان | منداڵان |
| 10 | سەمفۆنیای گریانێکی بێ دەنگ | شـــیعر | ژیان بابەگوڕگوڕ |
| 11 | گەنج و گرفتە دەروونیەکان ( چاپی دووەم ) | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| 12 | هەگبەی زانین بۆ زانستە پێوانەییەکان | زانیـــاری | زانا عەلی محەمەد |
| 13 | چاوەڕێ .. لە شەوانی فرمێسکی وشەکاندا | شـــیعر | سالار عەبدولرەحمان |
| 14 | ماڵئاوا گوڵی خەم | کورتە ڕۆمان | د. هیمدادی حوسێن |
| 15 | ( 955 ) مەتەڵی کوردەواری | فۆلکلـۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 16 | هۆنراوەکانی ووشیار عەبدوڵلا | هۆنراوە | ووشیار عەبدوڵلا |
| 17 | خۆشەویستی کچێك لەزانکۆدا | کورتە ڕۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 18 | بزاڤی تەغریبی | کتـــێب | ئاری ئاغۆك |
| 19 | وتە ئەڵماسیەکان | وتـــــە | تەحسین خالید |
| 20 | عەشقی نێوان مامۆستاو کچە قوتابی | کورتە ڕۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 21 | مــــن و تــــۆ | شیعری گۆرانی | چرپە خۆشناو |
| 22 | من بەدزی باوکم گەورە بووم | کورتە چیرۆك | یوسف عوسمان حەمەد |
| 23 | خۆشەویستی کچێك لەزانکۆ ( چاپی دووەم ) | کورتە ڕۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 24 | شاعیرێك خۆشیدەویستی | شـــیعر | ئـاری ئـاغۆك |
| 25 | دەمەوێ زیاتر خۆشم بوێی | شـــیعر | کارزان گەرۆتەیی |
| 26 | عەشق و گریان | شـــیعر | غەمگین بۆڵی |
| 27 | تاراوگە | شـــیعر | کەریم سمکۆ |
| 28 | عەشق لەنێوان عەقڵ و ئاییندا | لێکۆڵینەوە | قانع خورشید |
| 29 | دیوانی نواڵەی نوێ ( ١٠٧ ) گوڵە شیعر | شیعر | ( ١٠٧ ) شاعیر |
| 30 | نۆبـــەرە | زانیاری گستی | نازم ئیسماعیل |
| 31 | گەنج و گرفتە دەروونیەکان/ بەرگی دووەم | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| 32 | ئەدیبانی جیهانی | ژیاننامە | د. کەمال مەعروف |
| 33 | گوڵچنییەکانی هەندەران | یادەوەری | قاسم سابیر |
| 34 | سێبەری یادەکان | شیعر | غازی خەیلانی |
| 35 | بێ تۆ بم | شیعری گۆرانی | خالیسە سابیر |
| 36 | هۆنراوەکانی زیاد ئەسعەد | شیعری لیرکی | عەبدولغەفار عەبدوللا |
| 37 | ئەو کاتەی بێ ئاگا بوون لە عیشقی من | هۆنراوە | کاکە عەلی |
| 38 | ( 1177 ) مەتەڵی کوردەواری | فۆلکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 39 | قەفتەك ژکەلە پورێ ئاکرێ | کەلتور | خالد حاجی خدر |
| 40 | پیاسەیەك بەنێو کۆڵانەکانی غەریبی | چامە شیعر | ئاری ئاغۆك |
| 41 | لەگۆرەپانێکی رەش و سپیدا | چامە شیعر | غەمگین بۆڵی |
| 42 | هەرزاڵی پڕ لەگوناهی ریشۆلەیەك | هۆنراوە | دارا داربەسەری |
| 43 | پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و سێکس | لێکۆڵینەوە | هێرش عەبدولوەهاب حاجی |

| ز | نـــاوی کـــتێـب | بابـــەت | نووســـــــەر |
|---|---|---|---|
| 44 | لە مەرگی کەژاڵ دەگەڕێم | کورتە ڕۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 45 | ڕەبیکای خنکاو | ڕۆمان | و. ڕەزیە عەبدول |
| 46 | قالە جناوی | ڕۆمان | محەمەد کەریم نانەوا |
| 47 | سۆزی ئەڤین | هۆنراوە | هەڤاڵ شێخانی |
| 48 | با وەکو جاران یەکترمان خۆشبوێ | هۆنراوە | میدیا داربەسەری |
| 49 | بیروباوەڕی موسڵمانانە | ئایینی | م. سەید ئەحمەد پێنجوینی |
| 50 | لەژێر شە پۆلەکانی خۆردا | هۆنراوە | سەرهەنگ حەمە ساڵح |
| 51 | کورد نامە | شیعر | عوسمان شارباژێڕی |
| 52 | 1313 مەتەڵی کوردەواری | مەتەڵ | هۆشیار نوری لەك |
| 53 | عەشقی ئەبەدی | هۆنراوە | ئـاری ئـاغۆك |
| 54 | لەگەڵ خۆشەویستدا | ئایینی | م. سەید ئەحمەد پێنجوینی |
| 55 | گوڵبژێریێك لە پەندی کوردی | فۆلکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 56 | مەرگ کۆتایی بە ئیشق هێنا | کورتە ڕۆمان | ئەهرۆ عەلی حەمەد |
| 57 | جیهانی منداڵان | هۆنراوە | حاتەم باتـاسی |
| 58 | دەروونناسی چۆن لەترس ڕزگارمان دەکات؟ | دەروونزانی | و: جەمال گردەسۆری |
| 59 | لاوك و حەیران و هۆنراوەی میللی | فۆلکلۆر | ئەسعەد عەدۆ |
| 60 | سپێدەکانی گوڵ | شیعر | هێمن ڕەفیق |
| 61 | منداڵان | هۆنراوە | بڕوا محەمەدی |
| 62 | لەچیمەندا دیاری بۆ یادگاری | چوارینە | مەلا مەزلووم |
| 63 | مامە پیرەو گورگی زۆردار | چیرۆکی منداڵان | دلێر ئیبراهیم |
| 64 | ئێمە خۆمان نین | هۆنراوە | هێرش عەبدولوەهاب |
| 65 | ژن ناسی لە پەندی پێشیناندا | فۆلکلۆر | دێدەوان یەعقوبی |
| 66 | کچێك شێتم دەکا | کورتە ڕۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 67 | چریکەی گەرمیان | شیعر | عادل کاکەیی |
| 68 | 100 نامە شیعر | کورتە شیعر | ئاری ئاغـۆك |
| 69 | 250 پرسیارو وەڵامی وەرزشی | وەرزشی | ئەحمەد نەجات |
| 70 | گە نجی پیر | شیعری گۆرانی | ئا/ داهێن سابیر |
| 71 | ساتە بێ تۆییەکان و مەرگی عەشق | شیعر | سیروان گەڕەشێخانی |
| 72 | جیهانی منداڵان ( چا پی دووەم ) | شیعری منداڵان | حاتەم باتـاسی |
| 73 | دەروازەی دراما | شانۆ | ئەحمەد سالار |
| 74 | سەروەران | شانۆ | ئومێد قادر زیرەك |
| 75 | سەفەرنامە | چیرۆك | ئاری ئاغۆك |
| 76 | گەردوونێك لە جوانی | شیعر | فاروق هەژار |
| 77 | خولگەکانی خەمی خود | شیعر | عەبدولرەحمان پیرداود |
| 78 | هێلانە | چیرۆکی منداڵان | حاتەم باتـاسی |
| 79 | ١٣٧٧ مەتەڵی کوردەواری | مەتەڵ | هۆشیار نوری لەك |
| 80 | کۆژان | ڕۆمان | فەرمان عوسمان |
| 81 | دوور لەدەسەڵات | دیمانەی بەرپرسان | هۆشیار نوری لەك – ئاری ئاغۆك |
| 82 | بەرەو کەسایەتییەکی تەندروست | دەروونناسی | هێمن ڕەفیق |
| 83 | فەرهەنگی کوردەواری | کەلە پوور | هۆشیار نوری لەك |
| 84 | وێستگەکانی شیعری تورکی | لێکۆڵینەوە | فەرهاد پیرباڵ |
| 85 | پەیکەری ژوان | شیعر | فوئاد شێخانی |
| 86 | خەمی غوربەتیشت ئەخۆم | شیعر | دەرباز یونس |
| 87 | پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( با ) | شیعر | سەرهەنگ خامۆش |